# باوکەکانو هەڵگەڕانەوەی فەرزەندەکان

شێرزاد حەسەن

ئاخۆ دوای ئەو مێژووە درێژەی کە پڕبوو لەبێدادیو ستەمکاریو نایەکسانی، چەندە ڕاستە باوکانی ناو سیاسەتو خانەوادەکانو مەکتەبەکانو مزگەوتەکان دیسانەوە بیانەوێت زمانو گوێو چاوو هەر هەموو هەستەکان لەکچو کوڕەکانیان بستێننەوەو هەر ئەوانیش بڕیارەکانی پەیوەست بەژیانو مەرگو چارەنوسی فەرزەندەکانیان بدەن؟ من لەوەدا بەتەنها باوکەکانی ناو فیکرو مەعریفەتم لێدەرکرد کە لەبەرامبەر ژمارەی باوکانی ناو خانە سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان زۆر کەمە، گەرچی دەشێت ژمارەیەك لەوانیش لێنەگەڕێن گەنجەکان، بەمێو نێرەوە، یەکەمین قسەو دوا قسەی خۆیان بکەن، چونکە لەپەروەردەی کلاسیکیو تەقلیدیدا، بۆ هەمیشە مامۆستاکان خۆ بەشارەزاو هەموو -شت - زان لەقەڵەم دەدەن، دەدوێنو دەدوێنو قوتابیان بەتەنها ئەرکیان ئەوەیە گوێ بگرنو تووتی ئاسا رستەکانی مامۆستاو گەورەکانیان دووبارە بکەنەوەو ئەزبەری بکەن، بۆ من زۆر ترسناکە وا تێبگەین کچو کوڕەکان بێزمانو کەللەپوتو ئاژاوەگێڕ بن، لەمڕۆکەدا هەر پشێویو وئاڵۆزیو بێسەرو بەرییەك هەبێتو رووبدات، دەرئەنجامی ئەوەیە کە هەرگیز ئەو ویستو بڕواو متمانەمان نەداوە بەکچو کوڕە لاوەکان کە گوزارشت لەخۆیان بکەن، حەزو خولیاو خەونو ترسو نیگەرانی خۆیان بۆ باوکەکان بدرکێننو قەتیش زمانێکی هاوبەش لەئارادا نەبووە. یەکەمین وانەی ژیانی ئێمە لەئیبراهیم پێغەمبەرەوە تا هەنووکە گوێڕایەڵیو ملکەچیو نەبوونی پرسیارو گومان بووە، کوشتنی هەر رابوونو هەستانەوەیەك بووە، باوکەکان بۆ هەمیشە چەقۆو تیغیان لەسەر ملی کچو کوڕەکانیان بووە، فەرزەندەکانیش وەك کۆمەڵێك منداڵی گوێڕایەڵو سەرکز، ناچاربوون لەقسەو فەرمانی خوداوەندەکان دەرنەچنو ببنە قوربانی .هەر کردەیەکی لاوەکان کە بەدڵی باوکەکان نەبێت، باجو دەرئەنجامی ئەوەیە کە نەیانهێشتووە فەرزەندەکانیان قسە بکەن، ئەمڕۆکە ئیسماعیلییەکان گەرەکیانە لەژێر چەقۆکان خۆ رابپسکێننو گەردنیان لەژێر کێردی ئیبراهیمییەکان دەربهێنن، ئەم رابوونو راچەنینە هەتا گەر عەفەویو حوکمی غەریزەش بێت، هەڵگەڕانەوەیەکە زادەی کەڵەکەبوونو لاڵکردنو کەڕکردنی نەوەیەکە، کە دواجار وەك هەندێك لایەن بانگەشەی بۆ دەکەن گوایە مەعریفەتو فیکرێكو پرۆژەیەکی گەورەی لەدواوە نییە، بەڵام خۆ سەرکوتکردنو کۆیلەکردنو بەندکردنی

گیاندارەکانی ناو سروشتیش پڕە لەملنەدانو هەڵگەڕانەوە، هەتا گەر بەگەڕانەوە بێت بۆ غەریزەکانی ژیانو هەستەکیو ئیحساساتی بەمرۆڤبوون بەسە وابکات دونیای باوکەکان چیدیکە مایەی ئاسوودەگی نەبێت، کە پێویستییە رۆحیو مادییەکان نەبوونو خەیاڵو خەونو خۆزگە ئینسانییەکان کوژران، لەئاکامدا تورەبوونو رابوونو هەڵگەڕانەوە، تاکە وەڵامێك دەبێت بەنەبوونی زیندەگیو ژیانێك کە زۆرینە بەختی ئەوەی نەبووە وەك ئادەمیزاد لێی بەهرەمەند بێت، بەتایبەتی نەوەی تازە. هەقوایە ئەوانەی خۆیان بەمامۆستاو رابەری لیبڕالیزم دەزانن، سەکۆکان بدەنەوە بەوانەی پتر قەهرو خەمی هەموو تەمەنیان چەشتووە، چونکە کەمجار رێکەوتووە کچو کوڕەکان ئاواهی ئازادبنو وەك بزنە شێت لەڕاستە رێگای باوکە شوانەکان لابدەن سەرگەرمی خواردنی گیای حەرام بن، حەرام لەچاوی باوکەکاندا، بێئەوەی لەگۆچانی شوانەکان بترسن، ئەوەیان سەرەتای دۆزینەوەی بزنە رێگاکانە، سەرەتایەك بۆ زمان پژانو دەرچوون لەلالەپتەیی، سەرەتای روانینو بینینێکە کە هەرچەندە لێڵ بێت، وەلێ بەرچاوەکان رۆشن دەبنەوە، هەتا ئێستاش ئەو هەلو بوارە بۆ فەرزەندەکان نەڕەخساوە دوا قسەو هەموو رازو نیازو خولیاکانی خۆیان بدرکێنن لەبەردەمی باوکە کەڕەکاندا، ئەو فەرزەندانەی سەدەها ساڵە درۆیان لەگەڵدا دەکرێتو گەورەکان نەیانهێشتووە ئەوان یەك حەقیقەتی زۆر تاڵی ناو ئەو مێژووە درێژەی کۆیلەبوونو بەندەواریو ئەسارەتەی خۆیان دەرببڕن.

مەرجە ئاگاداربینو بزانین چەندە راستو رەوایە ئامۆژگاریو رێنمایی لاوەکان بکەین، بەچ زمانێكو بەکام ئاڕاستەدا، هەڵگەڕانەوە لەباوکەکان گەر هۆشیاری لەگەڵدا بێت، بەجێهێشتنی ئەو زمانەیە کە پڕە لە(مەوعیزە.(

لەکاتێکدا مێژووی ئێمە پڕە لەخوتبەو دروشمبازیو درۆو ریاکاریو هەڵخەڵەتاندنی لاوەکانو داگیرکردنی تەختو تاراجو عەرشەکان لەلایەن باوکەکانەوە، خودی ئەزموونی راپەڕین بۆ خۆی گەمەی باوکەکان بوو کە تیایدا توانیان بەچاوبەستەکی بەرهەمی ئەو رابوونە بدزن، خوێنی لاوەکانی تێدا رژاو پاشان بەئاسانی سواری بزافەکە بوونو خۆیانکرد بەڕابەرو سەردار .باوکەکان بڕوایان بەئەفسانەو خەڕافەتو یەقینو یەك حەقیقەتی هەیە، لەسەر ئیمانو غەیبانییەتو ناعەقڵانییەت دەلەوەڕێن کە لەناو ئێمە مێژووی هەزار ساڵەی هەیە، پشت بەهەقایەتی پاڵەوانبازی دەبەستێت لەتەك شەرعیەتی شۆڕشگێڕی، لەسەر مردووەکان دەژیو زیندووەکان فەرامۆش دەکات، خاوەن زمانێکن کە پڕە لەو ئەخلاقە داڕزیوەی بەدەرە لەو مۆڕاڵەی رێز لەمرۆڤبوون دەگرێت، گەر شۆڕشێك یان رابوونێك بەڕێوەبێتو هی لاوەکان بێت، وا پێویست دەکات ئەو زمانە پڕ لەزەلیلیو مردووەی باوکەکان دووبارە نەکەنەوە، هەنگاوێك رووەو خۆشەویستیو بەڕیانی

ئاشتیەوانێ هەنگاو بنێن‌و لەبری ئیمانی کوێرانە گومان‌و پرسیاری زۆر زارو کەللەیان پڕ بکات، لەبری غەیبانییەت، عەقڵانییەت بەرکەماڵ بێت، جیاوازی لەنێوان واقیع‌و مێژوودا بکەن، گومان لەو زمانەی منیش بکەن، چونکە دەکرێت پڕبێت لەرۆح‌و شەحەناتی پارتریاکی‌و کە جیاوازییەکەی لەوەدا بێت ئەمەیان پاتریارکێکی تازەیە، کە ئەویش شایستەی تێپەڕاندنە، چونکە دەرچوون لەو کۆنەستەو ئەو ئەخلاقە تەقلیدییەی وا لە(لاشعور)دا جێگیرە مایەی هەڵتەکاندنە، شۆڕش‌و تەکان‌و تێکۆشانێکی هەمیشەیی دەوێت تاوەکو لەبن‌و بۆتکەوە هەڵبتەکێت، هەرگیز ئاسان نییە بەهۆشیارییەکی کەمەوە بتوانین ئەو بونیاتە ناشیرینە هەڵبتەکێنین، بەتایبەتی کە هێشتا خاوەنی ئەو هۆشیاریە زۆر زاڵ‌و مەزنە نین.

یەکەمین پرسیار لەناو ئەو هەراو هەنگامەیەدا ئەوەیە کە تیایدا لاوەکان پشکی شێریان لەو ناڕەزایەتییە بەردەکەوێت، ئاخۆ ئەوانە کێبوون کە توانییان هیواو ئاواتێکی درۆزن‌و ناسەردەمییانە بەو لاوانە ببەخشن بۆ گۆڕینی دونیاو تێپەڕاندنی شەرم‌و ترس‌و بێئیرادەیی؟ کێبوون کە هاوچەرخانە دروشمە کۆنەکانی پێ فرۆشتین؟ کێبوون ئەوانەی بەناوی پیرۆزییەوە هەر هەموو بەها بنەماییەکانی مرۆڤبوون‌و هاوڵاتیبوونی لەئێمەدا کوشت؟ زۆر ئاسانە بڵێین هەر هەموو باوکەکانی ناو سیاسەت بوون، وەلێ گەر وردتر قسان بکەین تێدەگەین باوکەکان بەپشتگیری هەزاران کچ‌و کوڕی گوێڕایەڵ کە هێشتا وان لەناو قەڵاو حەسارەکانی باوکەکاندا، خیانەتیان بەهاوتوخم‌و هاوچین‌و هاوڕەگەز‌و هاونیشتیمان‌و هاوتەمەنی خۆیانکرد، پەیمانێکی شەیتانی‌و هەمیشەیی باوکە ستەمکارو فەرزەندە گوێڕایەڵەکان بەسترا کە بەتەماع‌و سیحری دەسەڵات لەیەکدی نزیك بوونەوە، بەجۆرێك کە وایکرد هەڵگەڕانەوەو خواردنی گیای حەرام وەها ئاسان نەبێت، تا هەنووکەش ئەو پەیمانە ماوە .بەرزکردنەوەی دروشمی (بەرەو ژیانێکی باشتر) ئاسانە، بەڵام کێ دەیکات؟ چۆن دەیکات؟ کەی دەیکات؟ لەکوێ دەیکات؟

لەم دۆخەدا دوو نەغمەی جیاواز سەریهەڵدا کە دەربڕی چین‌و توێژە جیاوازەکان بوون، بەخوێندەوارو نەخوێندەوارەوە، کە هەڵبەتە لەرۆژانی پڕ لەهەراو هۆریاو تەنگژەدا هەر کەس‌و لایەنێك پتر دەنگ هەڵدەبڕێت‌و هەق‌و جوانی‌و خێر بۆ خۆی قۆرغ دەکات، درۆو ناشیرینی‌و شەڕ دەخاتە پاڵ بەرامبەرەکەی، لەدۆخێکی وەها ئاڵۆزدا دونیاکەی ئێمە دەبێت بە (کوچەی ئاسنگەران) کە هەر کەسەو ئاسن بەئاسن دەکوتێت‌و مەحاڵە چاك گوێمان لەیەکدی بێت، هەموومان ئەو وشەو دەستەواژانەمان بیست: ئاژاوەگێڕ، گێرەشێوێن، لەڕێ لادەر، کاڵفام‌و هەرزە، ناکۆك، شەڕانگێزی، دوژمن، ناحەز، دەستی دوژمن‌و دەرەکی، تابووری پێنجەم، پیلانی ئیقلیمی، نالەبار، ناپەسەند، کەللەڕەق، خۆنواندن، شۆڕشی نێرگز، پاڵەوانبازی، جۆکەر هەڵوێست، خۆکردن بەڕابەر پێشەوا...

لەپاڵ ئەوەدا، داوا لەدەستەبژێری رۆشنبیرانو مەلاکانو مامۆستایانو پارێزەرانو هونەرمەندانو سیاسەتکارە راستگۆکان کرا بێنە مەیدانیَو ئەو ئاگرە بکوژێننەوە، یان بێنە پاڵ بزافەکە، وای لێهاتووە کە ئەوەی لەبەر دەرکی سەرا رەوانبێژ نەبێتو خوتبە نەدات جێگای گومانە، کە ئەگەر خودی ئەم راپەڕینو هەڵگەڕانەوەیە فیکرو مەعریفەت رۆڵی هەبووبێت لەئامادەکردنو جۆشدانی، ئاسانە لەوە تێبگەین کە رۆڵی کارەکتەرەکانی ناو دونیای فیکرو مەعریفەتو هونەرو ئەدەب لەتەنها خوتبەیەكو چالاکییەکی یەك هەفتەیی دەرناکەوێت، بەڵکو کەڵەکەبوونی کۆی هەوڵو کۆششی بێوچانی رۆشنفکرانە بەدرێژایی مێژووی کارکردنیان، گەر ئەو بزافە دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی توانای عەقڵی بێت، کەسانێك هەن لەدەرەوەی کوردستان رۆڵو کاریگەرییان کەمتر نەبوە لەوانەی لەناو وڵات بوون، ئەوانیش پشکیان لەو رابوونەدا هەیە، یان گەر دەرئەنجامی کەڵەکەبوونی کەموکوڕیو زۆری سالآنی زووتر بووبێت لەناو ژیانی رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی، هەر بەهەمان ئەندازە دەکرێت بڵێین ئەو رابوونە زادەو دەرئەنجامی ئەو میراتە بێت کە کارەکتەرەکانی بەدرێژایی سەدەی بیستەم کارو کۆششیان بۆ کردووە هەر لەشاعیرانی نیو-کلاسیکەوە تا دەگا بەو رۆشنبیرانەی لەمرۆکەدا چالاکن.

کەواتە رابەرایەتیو رۆحی پێشەنگبوون لەمیانەی هەفتەیەکدا مەحاڵە گەر پێشتر میراتو مێژوویەکی گەورە لەئارادا نەبووبێت کە وابکات بۆ هەمیشە جەنگاوەری رۆشنایی بین نەك تاریکی. لەوەدا ئامۆژگاریکردن بەوەی کە چۆن ئەو هێزو وزە لەبن نەهاتووەی لاوەکان لەڕووی فیزیکیو فیکرییەوە ئاڕاستە بکرێن قورسترین ئەرکەو مەترسیدارە بەوەی کە پتر سەرگەردان بنو وەك هەمیشە خوێنیان لەبەر بڕواتو دواجار باوکەکان ئەو خوێنە بکەنەوە بەشەرابی سەر مێزەکانیان، هەڵگەڕانەوەو رۆحی رادیکالآنە نە بە) مەوعیزە) دەکرێت وەك مەلاکان هەنووکە دەیکەن، یان بەبانگەشەی (جیهاد (نە بەمەرایی کردنو تەنگ پێهەڵچنین، نە بەهەڕەشەو تۆقاندنو زمانی نائەقلانی دەکوژێتەوە کە پڕە لەفەرمان بەوەی گەر ئەم ئەزموونە نەپارێزن، ئەوە ئەنفالو کیمیابارانو کۆچو رەوی ملیۆنی دەستپێدەکاتەوە، کە ئەمەیان لاوازترین زمانو ئاماژەیە بۆ نەبوونی هیچ خەونێك بەهێنانەدی ئایندەیەکی جوانتر، لەودیو رەوانبێژی سەر سەکۆکان رۆحێکی راچەنییوو ئەقلێکی داگیرساو پێش مەرجە بۆ خەونێکی تازە. بەهەموو بارێکدا یان ئێمە خاوەن (مۆدێل)ێك بووین بۆ هەستانەوەو بزافێکی شارستانیانە کە بتوانین بۆی بگەڕێینەوە، یان ئەوەتا هەر نەمانبووە، یاخود مۆدێلی خەڵکانی دیکە هەیە کە دەکرێت لێیان قەرز بکەینو لاسایی ئەوان بکەینەوە، چونکە لەخەونی شۆڕشو گۆڕانکاریو گەڕان بەدوای دونیایەکی تازەو جوانتردا بەتەنها مۆدێلێكو شێوازێك

لەتێکۆشانی مەردوومدا وەك شتێکی نەبوو وایە، یان کاری نەکردەیە، بەواتا خۆبەستنەوە بەجۆرێك لەبوونو ناسنامەو پێناسە وادەکات دەنێو یەك بازنەدا بخولێینەوە، هەر بۆ نموونە لەنێوان تورەبوونو بەرد بارانو گوللەباراندا دەکرێت هەڵکردنی چرایەكو مۆمێكو لەسەرپێ وەستانو شۆرشێکی نەپچڕاوەی ناو رۆحی مەردوومەکان جێکەوتنێکی گەورەتری هەبێت.

خۆ هێشتنەوە بۆ ژیانو خۆ تەییارکردنو ململانێ بۆ پاراستنی خودی زیندەگی مانایەکی گەورەتری هەبێت لەمەرگێکی ئاسانو خۆڕایی، بەڵام گەر ژیانو ئازادی وەدەست نەیەتەوە کە دزراوە، ئەوسا مەرگ ئەگەرێکە .ئاماژەی زۆر سادە هەن کە ئەم پەرەگرافەی پێ روونبکەینەوە، (سیف الاسلام)ی کوڕی (قەزافی) بەڵێن بەخۆپیشاندەران دەدات کە ئاڵاو سروودی نیشتیمانی لەوڵاتی لیبیا بگۆڕن، بەڵام ئاڵاو سروود، بێجگە لەڕەمز، هیچی دیکە نین، پەرچەمێکە بۆ ناسینەوە، گرنگ ئەو زارو رۆحەیە کە چەندە ئازادو ئازایە وەك هەڵگری ئەو ئاڵاو سروودە، لای ئێمەش ناوی (بەردەرکی سەرا) کرا بە (مەیدانی ئازادی) ئاخۆ بەگۆڕینی ناوەکان، ناوەڕۆکێکی تازە دێتە ئاراوە؟ ئاخۆ ناوەکان چەندە مژدەبەخشن بۆ ئەو رۆحە راچەنییوو ئازادیخوازییە؟ تا کوێ لەپێناو سەربەستیدا ناسرەوێت؟ ئاخۆ وەها ئاسان رۆحەکان دەگۆڕێن؟ چونکە بۆ ئێمە لەهەمووی گرنگتر دۆزینەوەی زمانێکی تازەو مۆراڵێکی نوێو خەونێکی دیکەیە کە تەواو لەهی باوکەکان جیاواز بێت، ئەو باوکانەی بێ ئەو زمانو ئەخلاقە عەمبارەپۆیە دەمرن، زمانێك کە بەتاڵە لەماناو ناوەڕۆکی تازە، ناکرێت نەوەیەك خەون بەشۆڕشەوە ببینێت، هەر هەمان زمانو مۆدێل دووبارە بکاتەوە، بەتایبەتی زمانو مۆدێلێك کە پڕبووە لەزەبرو زەنگو شکاندنی شکۆمەندی ئادەمیزادەکان. هەڵبژاردنی بەرەی ئۆپۆزسیۆن بەو مانایە نایەت کە هەوڵێك بێت بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە لەبەرەی دژدا بوەستیتو گەمەی فریشتەو شەیتان نمایش بکەیتەوە .لە(میسر)دا گەنجەکان گەمەیەکی جوانیان لەگەڵ پۆلیسو سەربازو ئاسایشدا کرد، گەرچی سەرەتا دەستیان چووە خوێنی یەکدی، بەڵام هێدی هێدی کەوتنە دڵداریو دواجار رەواندنەوەی ترس لەیەکدی. بیرمان نەچێت پۆلیسەکانی بەردەرکی سەرا یان مەیدانی ئازادی، دەکرێت کۆمەڵێك قوتابی تۆراوو هەڵاتوو بن لەقوتابخانەکان کە مامۆستا تووڕەو تۆسنو دڵڕەقەکان وایان کردبێت خۆ لەپۆلەکان بدزنەوەو هەڵەتە بن، نەك لەبەرئەوەی تەمبەڵ بوون، بەڵکو فەزای جەهەننەم ئاساو پڕ لەزەبرو زەنگ وای لێکردبنو قوتابخانە بەنەفرەت بکەنو ببن بەپۆلیس، زۆر زەحمەتە وا تێبگەین پۆلیسەکان لەمرۆکەدا دوژمنن بەو لاوە راچەنیوانە، هەتا گەر بەخۆفرۆشیش هەر هەموو چەکدارەکان ناوزەد بکەین، ناگەینە سەر درکاندنی دوا حەقیقەت سەبارەت بەناسنامەی هیچ کامیان، بەڵکو کۆی فەزای ناجۆرو ناشیرینی سیاسیو ئابووریو

کۆمەڵایەتی وایکردووە هاوتەمەنەکان لەتوێژی لاوان بەرامبەر یەکدی بوەستن، بۆ هەمیشە حیزبە دەسەڵاتدارەکانو سەرکردەکانو ئاغاکانی سیاسەت توانیویانە کۆمەڵگە بەسەر شەیتانو فریشتەدا دابەش بکەن، یان جەللادو قوربانی. من چەندە بۆ (ڕێژوانو زمناکۆو شێرزاد) غەمگین بووم، بەهەمان ئەندازەش خەمم بۆ مەرگی پۆلیسەکان خواردووە، کە دڵنیام بەمەرگی خۆی ناچاربووە خوشكو ژنو دایكو منداڵەکانی بەخێو بکات، بەتایبەتی گەر ئەو حەقیقەتە تاڵە بزانین کە قوربانیانی هەردوولا لەچینە هەژارو نەدارەکانن، یان گوندینو خراونەتە ناو شارەکان.

لەیادمە دوای ڕێککەوتنەکەی (واشنتۆن) بۆ راگرتنی شەڕی براکوژی، سەرکردەکانی کوردو براکوژی خۆیان لەگوناهی ئەو خوێنەی رژابوو بێبەریو پاك کردەوە، هەتا ناویان لێنا (تەمسیلیە)، بەڵام لەو نمایشەی ئاغاکانی سیاسەتو میرەکانی جەنگو باوکانی نامیهرەبان کەس لەو لاوانەی بونە قوربانیو کوژران، زیندوو نەبوونەوە، ئاخۆ ئەوانەی خوێنی یەکدییان رشت لەو نمایشەی دەرهێنەرەکانی سیاسەتو جەنگدا، شەهیدبوون یان خۆفرۆش یان فریوخواردوو بەدبەخت؟ ئاخۆ پێشمەرگە بوون یان چەکدارو میلیشیا؟ وا دیسانەوە باوکەکان جەنگ بەرپا دەکەنو کوڕەکانیش دەکوژرێنو گۆڕستانەکانیش ئاوەدانتر.

لەناو کۆمەڵگەیەکدا کە لەژێر سایەی ستەمکاریدا ژیابێتو لەمنداڵییەوە زەبروزەنگی دنیای چەشتبێتو لەوەها بیمارستانێکی گەورەدا پەروەردە بێت... ئاخۆ چ گرەنتییەك هەیە کە رۆحی وێرانکەریو شەڕانگێزی، کەمو زۆر، هەر هەمووومان نەپێچێتەوە؟ لێرەدا ناچارین بیر لەوە بکەینەوە کە دەکرێت بەناوی ئازادییەوە تاوانو گوناهی گەورە بەڕێبخرێت، چونکە رۆحی وێرانکردن لەناو هەموو کەسو بەرەو لایەنەکاندا هاوشانە بەنەبوونی زیندەگییەکی خۆشو پڕ لەلەزەتو رەنگاوڕەنگ، ژیانو زیندەگییەك کە نەمانبووە، سەربەستییەك کە تامماں نەکردووە. رۆحی شەڕەنگێزیو وێرانکاری دوو سەرچاوەی سەرەکی هەیە کە لەژینگەو خوێن تێپەڕ ناکات، فەزاو ژینگەی ئێمە پڕە لەتوندوتیژی، سایکۆلۆژیاو بایۆلۆژی یارمەتیمان دەدات لەوەی تێبگەین کە ئەو میراتەی لەخوێنی باوو باپیرانمانەوە بۆ ئێمە ماوەو گواستراوەتەوە، خوێنێکی خراپو پیسەو پڕە لەگەرای شەڕەنگێزیو دەمارگیری کە وایکردووە هەر هەموومان لەناو) عوساب)ێکی دەستەجەمعیدا بژین.

سەدام توانی هەزارەها گوند وێران بکات، وەلێ دەسەڵاتدارانی خۆمان توانییان رۆحی هەزاران گوندنشین بەخاكو سروشتی خۆیان نائاشناو غەریبو نامۆ بکەن، بەبەرنامە بووبێت یان بەبێئاگایی خۆیان، ئەوەندە هۆشمەند نەبوون، جوتیارو

گاوانو شوانەکانیان لەخاكو زێدی خۆیان تەوەللا کرد، ژیانی مەڕداریو شوانکاریو فەللاحەتیو کشتوکاڵیان فەرامۆشکرد، گەنجەکانیان بوون بەسەربازو پۆلیسو ئاسایش، کە لەوەشدا یەکێتیو پارتی بەشی شێریان بەرکەوتو شاگەشکە بوون بە چەکدارکردنی هەزاران لاو کوڕو کاڵ، پیاوە تەمەندارەکانیش بوون بەفەڕاشی قوتابخانەو خەستەخانەو دەزگاکانی ناوشار، کچە نەباڵقەکانیشیان بەزۆر بەشوو دران بەرلەوەی راستو چەپی خۆیان بناسن، مانەوە لەگوندەکان وەك جوتیارو شوان، واتا خۆبەستنەوە بەخاكو سروشتەوە، بەعەشقەوە، وەلێ پاسەوانی دەزگاو مەخفەرو مەکتەبێك ئەو رۆحە دەکوژێت، سەدام خاکی سووتاند، دەسەڵاتدارانی ئێمە رۆح...!

هەر ئەم دۆخە وایکرد بەهەزارەها لاوی گوندیی ببنە سەربازو پۆلیس، جیاوازییەکە لەوەدایە کە کۆمەڵێك گەنجو کوڕانی شار بەختی ئەوەیان هەبوو کە لەو ئاگری جەهەننەمی قوتابخانەکان بپەڕنەوەو بگەنە ئامادەییو پەیمانگاکانو زانکۆکان، هەنووکە وەکو دوو دوژمن بکەونە بەردەمی یەکدی، لەهەنووکەشدا توێژی گەنجان، ئەوانەی لەگەڵ راپەڕیندا لەدایکبوون یان تەمەنیان 6-7 ساڵێك بووە، لەسەروەختی راپەڕین بەوە تاوانبار دەکرێن کە نەوەیەکن ئینتیمایان نییەو وڵاتی خۆیان خۆشناوێت، دەیانەوێت بە (ئەی رەقیب)و سروودی (خوایە وەتەن ئاواکەی ... خاکی گەوهەرە... ئاوی کەوسەرە) نیشتیمانیان خۆشبوێت، ئەمەیان مەحاڵە گەر وەڵام بەخۆزگەو خەونو حەزو داواکانیان نەدرابێتەوە، هیچ کەسێك بەقەد دەسەڵاتدارانی کوردو حیزبەکان تاوانبار نییەو کەسێك نییە بەقەد ئەوان خیانەتی بەکۆی پرۆژەی نەتەوەیی کردبێت، بەتایبەتی لەدوای راپەڕینەوە.

گومانیش لەوەدا نییە کەسانێک هەن رۆحی خۆیان دەفرۆشن تاوەکو دونیا ببەنەوە، لەوەشدا سیاسەتبازو رۆشنبیرو هونەرمەندو پرۆفیسۆرو مامۆستاو پزیشكو ئەندازیارو ئەفسەریشی تێدەکەوێت، لەوەدا جیاوازیکردن ئاسانە، چونکە ناکرێت پاساوو برِو بیانوو بۆ گەندەڵیو داڕزاندنی ئەخلاق بهێنینەوە لەدونیای سیاسەتو فیکردا، بەگەڕانەوە بۆ دەزگاکانی پەروەردە تێدەگەین کە ئێمە لەکوردستان نەمانتوانیووە مرۆڤ دروست بکەین کە هەڵگری هەموو خەسڵەتەکانی ئینسانبوون بێت. گەر بگەڕێینەوە بۆ شا دروشمێکی رێکخراوی (یونسکۆ) لەوە تێدەگەین کە ئەقڵ زەمینەسازی رۆحی ئاشتیوانییە یان شەڕەنگێزییە، شا دروشمەکە دەڵێت: «چ جەنگ بێتو چ ئاشتی، بۆ هەمیشە لەناو ئەقڵی پیاوەکاندا چەکەرە دەکاتو گۆڕەپانی بۆ خۆش دەکرێت .«کەواتە بەتەنها تفەنگ تەقاندنو هێزێکی چەکدار نییە کە دونیا کاول دەکات، تەماعی دەسەڵاتو سەرمەستبوون بەخۆشییەکانی چوونە سەر کورسیو عەرش لەلای کارەکتەرەکانی ناو فیکرو زانستو مەعریفەت کەمتر نییە لەوانەی دەنێو دونیای سیاسەتدا ئەکتەرن. دواجار پادشاکانو

دەسەڵاتخوازان ئەوە لەیاد دەکەن کە ئەوان لەسەر تەختو عەرشی پادشاهی دانەنیشتوون، بەڵکو لەسەر قوونی خۆیان دانیشتوون کە لەئاکامدا وایلێدێت قوونیان لەسەر کورسییەکان توێتکە نەگرێت تاوەکو ئەو وەختەی ستەمدیدەکان لێیان رادەپەڕن. گومانی گەورە لەوەدایە ئاخۆ فەزاو کەڵچەرو زمانی ئێمە هی ئەوەیە خۆزگەی بەرزمان هەبێت بەگەڕانەوەی رۆحو جەوهەرێکی ئادەمیزادانە؟! ئاخۆ چاوەڕێ بکەین کە شۆڕشو راپەڕینو رابوونو ململانێمان بێ خوێنو فرمێسكو ئارەقە بێت؟ گەر سوور بزانین هەموو ئەو خانانەی ئێمەیان پەروەردە کرد.. لەماڵو مەکتەبو مزگەوتو حیزبو باقی خانەکانی دیکە بۆ هەمیشە پڕبووە لەزەبروزەنگو شەڕەنگێزی. ئایین پەروەری دەنێو ئێمەدا تا لەناو مزگەوتەکاندا لەکۆمەڵێك سروودو رێوڕەسمی رۆحانیو خودا پەرستیو خۆپاککردنەوەیەکی سۆفیگەرانە خۆی بەرجەستە کردووە، خامۆشانە تێپەڕیوەو بەزیانێکی خوێناوی لەنێو کورداندا نەشکاوەتەوە، گەرچی لەبواری پەروەردەییەوە مەترسییەکەی لەوەدا بووە کە ئێمە (عەبدی گوناهبارین)و مەرجە ملکەچی باوکەکان بین لەتەك وەلی ئەمرەکانمان کە بێجگە لەباوکەکانی خۆمان، زۆر جاران پادشاو فەرمانڕەوای ستەمکار بوون، بەڵام کە ئیسلامی سیاسی دێت، بەباڵە توندڕەوەکانەوە، عەشقی دەسەڵات سەرمەستی دەکات، ئیتر جۆگەلەی خوێن دەڕواتو ناوەستێت، وەك لەم رۆژانەی دواییدا لەبەردەم بارەگاکانو مەیدانی ئازادی هاواری (جیهاد) بەرز بۆتەوە، ئەوە بێجگە لەئەزموونی خوێناوی ئەو بیست ساڵەی ژێر ئاسمانی ئازادی.

حیزبە کوردییەکان، بەچەپلەرو راستڕەوەوە، لەپەنجا ساڵەی رابردوودا قوتابخانە بوون بۆ وانەکانی براکوژیو خوشك کوژی، لەناو فەزایەکی وەها خنکاوو خوێناویدا وشەیەك نادۆزینەوە بۆ بانگەشەکردن لەمەڕ جیاوازی تێپەڕاندنو یەکدی قبووڵکردن، بۆ هەمیشە جیاوازی لەفیکرو ئەخلاقو رەفتارو بۆچونی جیاواز لەناو دونیای سیاسەتو ئاییندا مانای لەڕێ لادەرو ئاژاوەگێڕو سەرپێچیکەرو کافربوونی بەدوای خۆیدا هێناوە، لەڕاستیدا) جیاوازی بوون) وەك سەربەستی مەرجە وەربگیرێتو بسەندرێتو بسەلمێنرێت، نەك بەدرۆ بانگەشەی بۆ بکرێت.

جیاوازی گۆڕینی دونیاو خەونی تازەو بوونی رۆحی راپەڕییوو هەڵگەڕاوە لەباوکە ستەمکارو تەقلیدییەکان، بەبێ رسكو دژواریو مەترسیو سەرکێشیو زیان لێکەوتنو پڕکێشی نەبووە، هەرگیز بێ قوربانی گەورە تێنەپەڕیووە، هەر لەسۆنگەی ئەوەوە هەر لەگەڵ نەبوونو وەستانو هەستانەوەیەك لەبەرامبەر ئەوی دیکەدا وەکو دوژمنکارو قاندڕ پیشانمان دەداتو کوشتارگاکانیش بەلاشەکان دادەپۆشرێن، گەر حیکمەتی مرۆڤبوون بدۆڕێنین، هەر لەبەر ئەوەشە کە ناتوانین رەشبینی خۆمان بشارینەوە کە هەر هەمووومان وا لەناو گەمەیەکی خوێناویداین، ئاسانیش نییە لەڕووی ئەخلاقیو ئینسانییەوە سەرچاوەو رووگەو نەخشەی جۆگەلە

خوێناوییەکان وەها بەسادەگۆیی لەیەکدی جیایان بکەینەوە، چونکە خوێنەکان چەندە پاكو چەندە پیس بن، یەك رەنگەو لەمرۆڤێك دەرژێت، گەر لای من یان تۆ رەوا بێت کەسێك لەسەر گوناەو تاوانەکانی بکوژرێت، پێش مەرج ئەوەیە کە سەرلەبەری ژیانو مێژووی ئەو زاتە بزانین بەچرکەو رۆژو مانگو ساڵەکانەوە.

گەرچی لەوە کوشندەتر ئەوەیە کە ئازادیو خوێن بۆ هەمیشە پێکەوەبوونو لەزۆربەی قۆناغەکاندا لەیەکدی دانەبڕاون. ئەو سەرکێشیو رسكو قوربانییە بەتەنها بەژنو پیاوەوە نموونەییو ئازاکان دەکرێت، لەهەمانکاتدا مرۆڤدۆست کە نەتوانن وەها سووكو ئاسانو هەر بەهەوانتە خوێنی ئەوانەی دیکە بڕێژن، چونکە مەرگی تاکە کەسێك بەتەنها کۆتایی ئەو کەسە نییە، بەڵکو چەندین کارەساتو خەمو فرمێسكو دۆڕانی خەڵکانی دیکەی بەداوە دێت.

رۆحی رادیکاڵیو خەون بینین بەگۆڕانی سەرتاسەریو بەرخودانو شۆڕشگێڕانە شکۆمەندە، بەڵام بەهەر بارێکدا قسان بکەین هەڵگەڕانەوەیەکی وا گەر میهرو حیکمەتو ئەقڵو سۆزو خۆشەویستی تێدا بێت، ئاکامەکانی رۆحی هەر هەموومان شاد دەکات، چونکە زۆر ئاشکرایە ئەو ناڕەزایەتیو رابوونە دەیەها هۆکاری راستەقینەی لەپشتە، کە ژیانێك هەیە پڕ لەجوانیو شکۆمەندی کە لەهەموومان دزراوە، ئیتر ناکرێت بۆ هەمیشە بڵێین (ژیان وا لەشوێنێکی دیکەدا)یە، چونکە هەر دەبێت ژیان لێرە بێتو هەر هەنووکەو ...بێ دواکەوتن.

25/2/2011